# سەرهەڵدان و پێشکەوتنی پیت

لە عەرەبییەوە: پ.ی. د. نەریمان خۆشناو
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی)

نووسینی پیتەکان بەو شێوازەی ئەمڕۆ زانیومانە و ناسیومانە، ئەو شتەی توانایی ئەوەی پێبەخشیوین، ئەو حەز و ئارەزووە غەریزەیەیە کە تێماندایە لە گواستنەوەی بێژتن و درکاندندا. شێوازی نووسین و نەخشاندنی ئەو پیتانە، ڕێچکەکانی خۆی لە ڕابووردوویەکی دوور و دێریندا دۆزیوەتەوە، پاشان توێژەران دەستیان بە گەڕان بە دوای شوێنەوار و ڕەگوڕیشە هەمەجۆرەکانی کردووە.

ئەو پێشکەوتنە یەک بەدوای یەکەی ئاخاوتن بەدرێژایی چەرخەکانی پێش مێژوو، ئەو هێزەی بە مرۆڤ بەخشی، تا بتوانێ ئەوانی دی خێرا درک بە حەز و ئارەزووەکانی کاکڵەی ناخی بکەن، مرۆڤە بەراییەکانی مێژوو جگە لە دەربڕینی دەنگ، هیچ شێوازێکی دیکەی بۆ دەربڕین نەبوو، جگە لە هێماکان نەبێ، ئەم مرۆڤە تا ئەو ساتە فێری ئەوە نەبووبوو بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆی بۆ ئایبندە تۆمار بکات، جا یەکێک لەو کۆششە بەراییانەی مرۆڤ بۆ گواستنەوە و چەسپاندنی بۆچوونەکان لە ڕووی تۆمار و نووسینەوە، بریتییە لەو نەخش و خەتانەی لەسەر دیواری ئەو ئەشکەوتانەدا دەکێشران، ئەمیش بۆ دیاریکردنی ئەو کاتەی مرۆڤی بەرایی تێیدا ژیانی بەسەر دەبرد، ئینجا بەهۆی ئەو وێنە و هێڵە کێشراوانەوە مرۆڤ هەوڵی گێڕانەوەی سەرگوزشتەی خۆی دەدا، ئەوەبوو پەیامێکی بۆ نەوەکانی دوای خۆی تۆمارکرد، بەڵام لەبەر هۆکاری دووری نەتوانراوە بۆیان ڕەوانە بکرێت.

لە هەوڵە بەراییەکانی چارەسەرکردنی گرفتی دووری، هەوڵدانی بەکارهێنانی گوریسی گرێدارە، چونکە شێوازەکانی گرێ و گرێکوێرەکان و ماوەکانی نێوانیان، توانایی ئەوەیان بە مرۆڤ بەخشی، بیروبۆچوونەکانی خۆی بۆ ئەوانی دی لە ماوە دوورەکانەوە بە شێوازێکی سادە و ساکار بگوازێتەوە.

هەنگاوی دووەمی مرۆڤ بە ئامانجی دانانی سیستمێکی سادەبوو، بۆ ئەو وێنە و هێڵکارییانە، لە سەرەتادا لە هەوڵدا بوو بۆ کێشانی وێنە نمایشییەکان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان، هەروەها بەهۆی سیستمی وێنەوە مرۆڤ توانایی ئەوەی پەیداکرد، زیاتر گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی خۆی بکات، لە هەمان کاتیشدا توانایی

تۆمارکردنی نامەی بە چەند شێوازێک بۆ دروستبوو، لە نووسینی سەر ڕووبەرەکان، وەک نووسینی سەر پێست و ئێسک و تەختەدار و چەند ماددەیەکی دی، بەهۆیەوە مرۆڤ پێی دەکرا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی بیانگوازێتەوە.

پاش ماوەیەکی دی نەخشونیگاری سەر ئەو وێنانە و وردەکارییەکانی لابران و ڕێساکانی بچووک و پوخت و کورت کرانەوە، ئەوەبوو لەمە بەدوا ڕێکخستن و هێڵکاری و شێوە و شێوازەکان، گوزارشتی لە هزر دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، تەنانەت لەم قۆناغە پێشڤەچووەشدا هێڵکارییەکان لەگەڵ ئەدگارەکانی خودی ئەو هزرەدا دەگونجا، کە گوزارشتی لێ دەکرا.

هەروەها کردەکانی سادە کردنەوە بەو شێوازە ناسرا کە نووسەر پێویستە لەو حاڵەتەدا وێنەی ئامێرەکانی نووسین بکێشێ، وەک کیفی دار قامیش، کیسەی بۆیاغ و سێتی ڕەنگەکان، ئینجا ئەم کۆمەڵەیە بە زمانی نووسینی وێنەیی مانای نووسەر دەبەخشێ، ئەم شێوازەی گوزارشتی بینراو، بە ناوی (ئیدیۆگرافی)، واتە (نووسینی وێنەیی) ناسراوە.

میسرییەکان یەکەمینی ئەو میللەتانە بوون کە سیستمی تەواوی ئەم جۆرە نووسینەیان داڕشت و پێشیانخست کە ئەمڕۆ بە (هیرۆگلیفی) ناسراوە. هەرچی هێماکانیشە لە وێنەی شتەکانەوە وەرگیرا، بەڵام وردە وردە کاکڵە و مانا ڕەسەنەکەی خۆی لەدەست داو مانایەکی نوێی گرتەخۆ، هەموو هێمایەکیش لەگەڵ دەنگێکی دیاریکراودا یاوەربوو کە لەسەر زاری مرۆڤ دەدرکێنرا، بەم شێوەیە کۆی کەرت و بڕگەکانی نووسین لە وشەکان پێکدەهاتن.

جا کاتێ ژیاریی مرۆڤایەتی گەشەی سەند و بەرەو کامڵبوون ڕێچکەی دەبەست ئاسۆکانی مرۆڤ فراوانتر دەبوو و پێویستییەکانی دەربڕین و گوزارشتکردن بە شێوازە هەمەچەشنەکانی نووسینی خێرا و زیاتر دەبوو. ئەلفوبێی یۆنانی یەکەم سیستمی نووسین بوو کە ئەم پێویستییەی پڕکردەوە، چونکە زمانی یۆنانی چەندان سەدە (زمانی فەرمی) جیهان بوو، زۆریش لە کلاسیکیکەکانی دنیا بەم ئەلفوبێیە تۆمارکراون، چونکە ئەمە زمانی سوکرات و ئەفلاتوون و ئەقلیوس و زمانی چەندان فەیلەسووفی دی بوون کە بۆچوونەکانیان گۆڕانکاری بەسەر ڕەوشی مێژوودا هێنا. فراوانبوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بووە هۆی دروستبوونی ئەلفوبێیەکی نوێی تۆمارەکانی ئەم زمانە، چونکە لەم زمانەدا پیتی جوان و تەباو ڕێک و کۆک لە ڕاکێشانە ورد و درشتەکانیدا پەیدابوو، ئەو شتەی جێی پرسیارە، ئایا هیچ زمانێک بەسەر ڕێژەی جوانکارییەکانی ئەلفوبێی ڕۆمانیدا سەردەکەوێ، پاش تێپەڕبوونی سێزدە سەدە لە پێشکەوتن و گۆڕانکاری لەسەر دەستی نووسەری دەستنووسە کۆنەکان.

پاش دانانی ئەلفوبێی ڕۆمانی، ژیان زیاتر تێکەڵکێش بوو، بۆیە نووسین لە پێویستییەکی سادەوە، بووە یەکێک لە مەسەلە پێویستییەکانی ژیان، بۆیە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەوروپادا نووسەرەکان چەندان دەمژمێری بێ ژماریان دەگوزەراند کە تەشریعات و یاسا و بیروبۆچوون و ڕەوشە هزرییەکانی چەرخەکانیان تۆمار دەکرد.

هەندێک لەو پیاوانە هەوڵی بێ وێنەیان لە کارەکەیاندا خستەگەڕ، تا پارێزگاری لە جوانکاری پیتە ئاساییەکانی ڕۆمانی بکەن، هەندێکی تریشیان لەژێر گوشاری کاتدابوون، بۆیە بەخێرایی کارەکانیان جێبەجێ دەکرد، نیازمەندی نووسینی خێرا زیاتر بوو، ئەویش بەزیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی خوێندن و نووسین فێربوون، ئەنجامەکەشی پەیدابوونی هێڵکاری خێرابوو کە لە شێوازی پیتی ڕۆمانی تەقلیدی ترازا و بە هێڵەکانی قامیش و فلچەی نەرمونیان قەرەبوو بووەوە.

بۆ نموونە بە تێپەڕبوونی کات، شێوەی پیت وردە وردە گۆڕانکاری بەسەرداهات، تا گەیشتە ئەو شێوە و شێوازەی کە خێرایی و سانایی بۆ خامەی نووسەر دابین بکات. بە هەمان شێوەش گۆڕانکارییەکی هاوشێوە سەبارەت بە پیتەکانی دیکە جێبەجێ کرا، ئینجا بۆ دوورکەوتنەوە لە دووبارەبوونەوەی شێوەی پیتەکان، (شارلمان) لە سەدەی هەژدەمدا بانگەشەی بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەکی نێوان نووسەران کرد، بۆ هاوئاهەنگی کردن لە نێوانیاندا سەبارەت بەو شتانەی دەینووسن، ئێستاش ئەو پرسە نوێیانە لە دووتوێی دەستنووسە کۆنەکاندا هەیە کە پێی دەگوترێت (مەنسکول کارۆلینی) کە ڕێخۆشکەرێک بوو بۆ پیتەکانی سندووقی خوارەوە.

بەم جۆرە نووسەری دەستنووسەکان لە ئەوروپا لە سەدەی هەشتەمدا دوو ئەلفوبێیان هەبوو: ڕۆمانی گەورە و ڕۆمانی بچووک، بەشێوەکردەییەکەش سندووقی باڵا و سندووقی خواروو، نووسەران ئەم هەردوو ئەلفوبێیەیان لەیەک لاپەڕەدا کۆدەکردەوە.

سێ نموونەی سەرەکی ئەوکاتە باوبوو:

١- پیتی (هیومانست سکربت) کە بەگشتی ڕۆمانە.

٢- پیتی (گۆتیک) بۆ باکووری ئیتاڵیا دەگەڕێتەوە.

٣- پیتی (کۆرسیف دیوانی) کە لە فاتیکاندا بۆ نووسینی بەڵگەنامە یاساییەکان و تۆمارە ڕەسمییەکانی کڵێسا بەکاردەهێنرێت.

ئەم سێ شێوازەی نووسین: هیومانست و گۆتیک و کۆرسیف، بنەمایەک پێکدەهێنن بۆ گرنگترین شێوازەکانی پیتە لاتینییە داتاشراوەکان لەوکاتەوە تا ئێستاکەش، ئینجا تا سەدەی پازدەم دەرهێنانی دەستنووسە شازەکان لە سەرانسەری ئەوروپادا بەم شێوازە نووسینانە بوون، کە ئاماژەمان پێیان دا.

**سەرچاوە: نشأة الحرف وتطوره، مجلة نشرة أخبار الطباعة، نقابة الطباعة في لبنان، العدد الثاني، ٢٠٠٨، ص٢.**